ژمارە ٨
کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧

# شێوازەکانی زەبر و زەنگی دەروونی دژ بە ژن



بژار احمد اسماعیل شوانی
bzhar_shwany@yahoo.com

ئەگەر ئێمە باس لەشێوازەکانی توندوتیژی دەروونی بکەین دژ بە ژن دەبینین ئەم توندوتیژیە لە فراوانترین ئاست دایە، بەتایبەتی لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەم دیاردەیە زۆر باوە زۆر بەروون و ئاشکرا هەستی پێدەکرێت, ئەم دیاردەیەش شتێك نیە کەئێستا دروستبووبێت، بەڵکو بۆ سەردەمێکی زۆر زوو دەگەڕێتەوە کەئەو کات ژنیان زیندەبەچاڵ دەکرد, بەزیندوویی لەژێر خاکیان دەنا, ئێستاش ژن بەشێوازێکیتر ژێر خاك دەکرێت .. یەکێك لەشێوازەکانی بەکارهێنانی زەبروزەنگ دژی ژنان, تۆقاندن و تیرۆری دەروونییە ئەم شێوازە زۆر بڵاو و کاریگەرە, تەنانەت وەکو شێوازو نەریتێکی باویشی لێهاتووە لەناوکۆمەڵدا. ئەگەرلەناو خێزاندا. بۆشێوازەکانی زەبروزەنگی دەروونی دژ بەژن بگەڕێین, دەبینین جیاوازیکردن لەنێوان کچ و کوڕ و سەیرکردن وەك ڕەگەزێکی لاوازی ناو خێزان باشترین و زەقترین نموونەی ئەو تۆقاندنە دەروونیەیە, ڕەگەزی (مێ) هەمیشە وەك ڕەگەزێکی لاوەکی فەرامۆش کراوە و لەخێزاندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەو خێزانەی ژمارەی کچی زیاترە وا هەست دەکات کە دەرگای مەینەتی و شەرمەزاری بۆ کراوەتەوە, چونکە هەندێ خێزانی ئێمە وا هەستدەکات بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کچ لەرەنج بەخەساری و وەجاغ کوێری زیاتر هیچی دیکەی پێنابەخشێت, بەڵام ئەو خێزانەی ژمارەی کوڕی زیاترە, وا هەستدەکات بەهێزترەو دوارۆژ مسۆگەرترو پشت قایم ترە. بێگومان ئەوەش بڵێین، کەئەم دیاردەیە سیمایەکی جیهانیشی هەیە, لەو سۆنگەیەوە زانایانی دەروونزانی ئەوەیان سەلماند کەبوونی جیاوازیکردن لە مامەڵەو خۆشەویستی و هەست و سۆز و دڵسۆزی لەلایەن باوك ودایکەوە بەرامبەر کوڕو کچ, وادەکات کچەکان هەمیشە گۆشەگیرو هەست بەکەمی و نەبوونی دادپەروەری بکەن لەناو خێزاندا. لەڕاستیدا ئەم جیاوازیکردنە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لەتیرۆر و تۆقاندنی دەروونی لەبەرامبەر ڕەگەزی مێ. ڕەنگە زۆرێکیش لەباوکان و



ئەندامانی خێزان هەوڵبدەن کەجۆرێك لەدادوەری بەکاربهێنن لەبەرامبەر کچەکانیان, بەڵام کاتێ ڕووبەڕووی کۆمەڵ و دەوروبەر دەبنەوە تووشی خورپەی دەروونی دەبێت، چونکە ئەو کۆمەڵگەیە زۆر بێ بەزەییانە مامەڵە لەگەڵ پایەی ئینسانی ژن دەکات، جیاوازیکردن دژ بە کچ تەنیا شێوازێکی تۆقاندنی دەروونی نیە, بەڵکو ئەم شێوازە ڕێخۆشکەرێکە بۆ دەرکەوتنی دیاردەی ترسناکتر وەك لێدان و لەماڵ دەرکردن و سوکایەتی پێکردن و چەوسانەوەی جەستەیی ..... هتد, بەقسەی زانایانی ( کارن هۆرنای و ئەریکسۆن ) توندوتیژی دەروونی و ترسی بەردەوام دەبێتە تێکچوونی باری سروشتی جەستەو شڵەژانی دەروونی و ڕەوشتی دیارکراو و نەمانی متمانە بەخۆبوون و دواتریش تێکچوونی سیستەمی کاری خانەکانی مێشك



و دواكەوتنــى پلەی ژیری و هۆشــیاری . تەنانەت هەندێ لە زانایانی دەروونزانی فســیۆلۆژی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی بەكارهێنانی فشــارو زەبروزەنگی دەروونــی بەردەوام دەبێتە هــۆی نەزۆكی ژن یــا لەدایك بوونی منــداڵی ناكامڵ، چونكە بەهۆی ئــەو زەبرووزەنگەوە ژن لەبارێكــی دەروونی نائارام و دڵــە ڕاوكێیەكی هەمیشــەی بژییێت. هەســت بەترســێكی چاوەڕوان كراو دەكات كە بــەردەوام لەگەڵی دەژییێت, ئەمەش بەدەوری خۆی وادەكات سیســتمی گلاندوو هۆڕمۆنەكان وەك پێویســت و بەشێوەیەكی سروشتی كار نەكات, زۆرجاریش ژن بەهۆی ترس و نیگەرانی لەهێزوتووڕەیی و زەبروزەنگی پیاو تووشی ســاردی دەبێت, بە بۆچوونی دەروونزانی فەڕەنسایی ( جــاك لاكان ) زۆرانبازی جەنــگ وەكو زۆرانبازی پیاوو ژن وایــە بۆ چێژوەرگرتن و ناســاندن و خۆســەپاندنی توخمی پیاو بەوەی كەهەر خۆی شاســواری مەیدانە ( فرۆید) دەڵێت سەرەتای ئەم ململانێیە سەرەتای ســەرهەڵدانی زەبروزەنگە دژ بــە ژن و بەردەوامیش دەبێت تاوەكو باوكســالاری و مێرد ســالاری سیستمی باڵادەســتی خێزان كۆمەل بێت هەریەك لە قوتابخانەو ڕێبازە ســایكۆلۆژیەكان شــیكردنەوەی خۆیان بۆ ئەو دیاردەیە هەیە, كە من لــێرەدا زۆر بەكورتی ئاماژەیەكی خــێرا بەبیروڕای هەندێ لــەو قووتابخانانە دەكەم. بۆ نموونە قووتابخانەی شیكاری دەروونی جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كەهەموو جــۆرە توندووتیژییەكی تاك بەرامبەر تاكێكی دی, درێژكراوەی تۆقاندن و توندوتیژییەكی ترە، كە بە شــێوەی چەپێنــراو لەنائاگایی مرۆڤدا هەڵگــیراوە، جا بۆ دەربازبوون لەســنووری ئەو تۆقاندنەدا, (ئەو) كەســایەتی فراوان دەبێت تا لــە بەرامبەر كەســێكی تــردا كــە بەلاوازتــری دادەنێت لەئاســت خۆیدا (كە ئەویش, ژن یا خوشك, یا كچە) دێت ئەو توندوتیژییە دەنوێنێت, بیركردنــەوەی ئەوانەی توندوتیژی دەنوێنن، بیركردنەوەیەكی نائاســاییە و ئەم هێڵە گشــتییەی هەیــە كــە دەڵێ : مــن نەبم تــۆ دەفەوتێیــت و ون دەبیت و ناشتوانیت لەژیاندا بەردەوام بیت, یان لەبەرئەوەی خزمەتی خۆت بكەی دەبێ خزمەتی من بكەیت. فرۆیدییەكان جەخت لەســەر ئەوە دەكەنەوە، كــەوا زەبروزەنــگ كارێكی ڕەمەكی تاكــە و واتە تــاك بەغەریــزە ئایتمــی شــەڕانگێزی تێدایە و ئــەو ڕەفتــارەش هەرلەچوارچێــوەی ســنووری غەریزەی مــەرگ و تێكدان و لەناوبردنــە و حاڵەتێكــی نائاگایی تاكە بۆ دەربازبوون لەحاڵــەت و گرێیەكانی دڵەڕاوكێ و نیگەرانی ... كەچی دەروونناســێكی بەناوبانگی وەك ( ئەدلەر ) پیاوی بەكەســایەتییەكی دروســتكەرو خولقێنــەری شــەڕ داناوە. كاتێك پیاو هەســت بە( كێماســی ) دەكات، بۆ پڕكردنەوەی ئەو هەســتی خۆ بەكــەم زانینە پەنا دەباتــە بەرتەقینەوەی هەڵچوونــە دەروونییــە پەنگخواردووەكانی نــاوەوەی، بۆیە ئەدلــەر جەخت لەســەر ئەوەدەكاتەوە دیاردەی (ســادیزم ) لەپیاو زیاترە وەك لەژن.

ســەرچاوەی ئەم بابەتە/ســایكۆلۆژیای خێزان /م.یوســف عوسمان / ٢٠٠٥